North America Committee of
Komala Party – Iranian Kurdistan

کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
مەڵبەندی ئامریکای باکوور

**ڕاگەیاندنی کومیتەی مەلبەندی ئامریکای باکور**

# لە بارەی ڕوداوەکانی ئەم دوایانەی ناو ئۆردوگای کۆمەڵە

بەپێ ئەوهەوالانەی کە لە ئۆردوگای کۆمەڵەوە بە دەستمان گەیشتوە ڕۆژی پێنج شەمە ۲۰ی سپتەمبەری ۲۰۰۷ شەر و لێکدانی جەستەیی لە نێوان چەند پیشمەرگەیەکی کومەلە بە دەستپێشخەری لایەنگرانی سەر بە کەمینەی پێشووی ناو کۆمەڵە روی داوە کە چەند برینداری لێ کەوتوەتەوە. ئەوەی کە بە تایبەت بۆتە هۆکاری بێزاری و نیگەرانی زۆرتری ئێمە و هەموو دڵسۆزانی کۆمەڵە و بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کوردستان، بە کار هێنانی چەک لەم کێشانەی بەینی پێشمەرگەکان لە لایەن کەمینەوە بۆوە. ئیمە کومیتەی مەلبەندی ئامریکای باکور و سەرجەم ئەندامان و لایەنگرانی کۆمەڵە لەم مەلبەندە سەرەرای مەحکومکردنی ئەم کارە ،ڕقو بێزاری توندی خۆمان دەرهەق بە پیلان دارێژەران و هاندەران و ڕێبەرانی ئەم شەرو ئاژاوەگێریە دەر دەبرین و رادەگەیەنین کە کەمینەی پێشوی ناو کۆمەڵە و بە تایبەتی ڕێبەرانی ئەم جەریانە بە بەرپرسی ئەو رووداوە و رووداوەکانی تری لەم چەشنە دەزانین. ئەم کەسانە دەبی ولامدەرەوەی کۆمەلانی خەلکی کوردستان و دڵسۆزانی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کوردستان و کەسوکاری پێشمەرگەکانی کۆمەڵە و بنەمالەی شەهیدان بن. ئیمە پێمان وایە کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە ،تا ئیستا لەوپەری هەست بە مەسئولیەت کردنو تەنانەت بگرە زیاتر لەوەی کە شیاویان بۆوە، بەرانبەر بەم کەسانە نەرمیان نیشان داوەو بۆ مانەوەیان کاتیان سەرف کردۆوە. کەمینەی کۆمەڵە و لە پێش هەمووان ڕێبەرانی ئەم جەریانە بەو کارانەیان بە تایبەتی پەڵەیەکی رەشیان لە سەر پەروەندەی سیاسی خۆیان تۆمار کرد کە هەتا هەتایە دەمێنێتەوە. ئەمانە دڵی دوژمنانی کۆمەڵە یان شاد کرد و دڵی دۆستان و لایەنگران و دڵسۆزانی بزوتنەوەی ئازادیخوازانەی کوردستانیان بریندار کرد. ئەوان هەمو پرەنسیپەکانی حیزبایەتی، هاورێیەتی و

سوننەتەکانی تائیستای کۆمەڵەیان لەژێر پێنا. ئەم جەمعە بو بەدناوکردنی کۆمەڵە و دانی روخسارێکی ناحەز لە ئوردوگاو بارەگاکانی کۆمەڵە دەستیان دایە ناحەزترین کار و تەنانەت لە چەقوکێشان و مەستکردن و بەردەرکە بە خەلک گرتن و لەم دوایانەشدا تەقەکردن درێغیان نەکرد. ئەوان زۆر دەمێکە بریاری خۆیان داوە کە کۆمەڵە بەجێێ بێلن و فڕیان بە سەر کۆمەڵە و سونەتەکانیەوە نەماوە. ئەمانە لە پێشدا بە شێعاری رێفورم و چاکسازی هاتنە مەیدان و هێندێک کەسی نارازی و ساویلکە و دڵپاکیان لە دەوری خۆیان کۆکردەوە کە هەر ئیستا زۆریک لەوکەسانە کە ناوەرۆکی درۆینەی شیعارەکانی ڕێبەرانی ئەو جەمعەیان بۆدەر کەوتوە پەشیمان بونەتەوە و دەیانهەوێت بگەرینەوەناو کۆمەڵە. تا ئیستا چەند کەسێکیشیان داوایان کردوە کە بگەرێنەوە،لە هەمانکاتیشدا وتوویانە ترسیان لەوەیە بکەونە بەر پەلامارو توندوتیژی لایەنگرانی "رێفورم و چاکسازی". ئیمە لێرەوە داوا لە کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە دەکەین کە رێگایەک بو گەرانەوەی ئەم کەسانە ببینێتەوە و رێگا نەدا بکەونە بەر ەمبماری تۆڵەسمندنەوەی لایەنگرانی"ڕێفورم و چاکسازی". ئێستا کە رێبەرانی کەمینە بە ئاشکرا بریاری خۆیان بۆ جیا بوونەوە لە مێدیاکان راگەیاندوە، هەوڵ بدات لە پرۆسەیەکی هەرچی کورت ماوەتردا ئەوان بە شوێن کاری خۆیاندا بچن تا هەموومان بتوانن وزەو توانای خۆمان بخەینە خزمەت راپەراندنی ئەرکە کانی پێسپێردراوی کۆنگرە.

**بژی کۆمەڵە**

**بژی بزوتنەوەی ئازادیخوازانەی کوردستان**

**٢٠٠٧/٠٩/٢٣**

[www.komala.org](http://www.komala.org)
**E-mail:** northamerica_komala@yahoo.com

**Mobile:**+
**Teflon:+** 416-8509980
**Fax:+** 416-8509980